ئاڵای شۆڕش
لیژنەی سەرپەرشتی
بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن

# هەواڵنامە

ژمارە ١ — کانونی یەکەمی ١٩٨٥

کرێکاران .. زەحمەتکێشان ..
پێشمەرگە قارەمانەکان ..
هاووڵاتیانی تێکۆشەر ..

وا جارێکی ترسەرانی (ینك) پەلاماری رۆڵە شۆڕشگێرەکانی گەلەکەمان ئەدەنەوە و ئەیانکەنە بارمتەی سازشو سەودا کارییەکانیان ، ئەمجارەشرد لسوزییان بۆ رژێم دووپات ئەکەنەوە و بروسکەی پاکسازی کردنی (ئاڵای شۆڕش) لە بێ سیمی شوانەوە (جهازی لاسلکی م.س ی ینك) پێشکەشی بێ سیمی سرمد ئەکەن (جهازی لاسلکی مخابراتی فەیلەقی یەك لە کەرکوك.) .

لێرەشدا چەند هەواڵێك رادەگەینین

١) لە رۆژی ١٩٨٥/١٠/٢٣ (م.س)ی (ینك) هێزێکی گەورەی ناردە ناوچەی قەرەداغ . ئەم هێزە لە لایەن شەخسی جەلال حسام‌الدین (سکرتێری ینك) وە سەرپەرشتی ئەکرا و بە فەرمانی راستەوخۆی ئەویش بەرەبەیانی ١٩٨٥/١١/٢ پەلاماری مقەرو ماڵی هاوڕێی تێکۆشەرمان کاك مەلا بەختیار لە گوندی (تەکیە) داو فەرمانی شەهید کردنی بە لێپرسراوێکی گومان لێکراو سپێرد رابوو ،بەڵام بە هاوکاری چەند کەسێکی بە ویژدان و وەفاداری ناویان وژیەری هاوڕێیانی ئێمە پیلانە گڵاوەکەی سەرانی (ینك) هەڵوەشایەوە وهاوڕێ مەلا بەختیار و ماموستا پشکۆ بەدیلی بولای جەلال حسام‌الدین بران .

٢) با شردیل کردنی هاوڕێ مەلا بەختیار و مامۆستا پشکۆ و مامۆستا عیماد و هاوڕێ ئاسۆعلی ،چەکدارەکانی (ینك) بە فەرمانی چەند لێپرسراوێکی گومان

لێدرا وهەرچی یەك لە ماڵ و مقەرەکەدا بوو هەر لە ٦ تاك بازنی هاوڕێ ڕوناکی برازای شەهید شەهابەوە و (١٥٠) دیناری گیرفانی و دووربین و جل و بەرگەوە تا دەگاتە کەل و پەلی کەم نرخی وەك کومبار و بەرە و ... هتد بەتاڵان برد .

٣) لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١دا هێزێکی (ینك) بە فەرمانی م.س پەلاماری مقەرەکەی هاوڕێی تێکۆشەرمان کاك شێخ علی دا و خوێ و پێشمەرگەکانی مقەرەکەیان دیل کرد . شایەنی باسە بنەماڵەی هاوڕێی ناوبراو تا ئێستا خاوەنی حەوت شەهیدن ، هەر لە هەمان ئێوارەدا بە فەرمانی ناوەندی کومەڵەی ڕەنجدەران مقەرەکەیان تاڵان کرد .

٤) لە نیوەڕوی ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ دا هێزەکەی ناوچەی قەرەداغ پەلاماری (٣٣) هاوڕێی پێشمەرگەمانیان دا و داوای چەکەکانیان کردن وە هەڕەشەی ئەوەیان لێکردن ئەگەر چەکەکانیان دانەنێن ، هاوڕێ مەلا بەختیار شەهید ئەکەن . پێشمەرگەکانمان کە بەگیانی دژایەتی و گوڕکردنی شەڕی براکوژی گوشکراون و بۆ ڕزگارکردنی گیانی هاوڕێ مەلا بەختیار چەکەکانیان دانا ، پاشان چەند لێپرسراوێکی شرەخور و دیل کوژی ئەو هێزە نامەردانە چەکەکانیان ئەدزن و فاشیانە ڕەفتاریان لەگەڵ ئەکەن .

٥) لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ ئەم هاوڕێ قارەمانانەمان توانیان لە دەست هێزەکەی ینك دەرباز بن و خۆیان بگەیننە بنکەکان (ئاسوعزیز کادری سیاسی ، ئەحمەد ڕەشە ئامر لەرت ، عەریف کەریم ئامر مەفرەزە و چەند پێشمەرگەیەکی تر . هەر ئەو ڕۆژە چەکدارەکانی ینك کەوتنە گەڕان و پشکنینی ماڵەکانی گوندی (نەوتی ، ئاوایی حەمەی کەرەم ، باخچە ، شەمەو ویلەکە) بەدوای ئەو هاوڕێیانەماندا ، بە شێوەیەکی ناشرینی ئەوتۆ کە دانیشتوان بێزاری و ناڕەزایی دەربڕن و ناوی (قوات خاصەی صەدام) بە سەر ئەو چەکدارانەدا دابڕن .

٦) لە شەوی ١٩٨٥/١١/٣ دا ئامر مەفرەزەی لەرتی سجنی مەلبەندی یەکی (ینك) هاوڕێ عبداللە تەپل و ٧ پێشمەرگەی قارەمانی تر سجنەکەیان شکاند و ٦ هاوڕێی دیلمانیان بە پێی نەخشەیەکی ژیرانەو قارەمانانە دەرباز کرد و گەیاندیانە بنکەکانمان .

٧) ڕۆژی ١٩٨٥/١١/١٩ چەکدارەکانی (ینك) لە گوندی زلزلەی دولی



هەواڵنامەی کتێب

گەلاڵ بۆسەیەکی نامەردانەیان بۆ چەند هاوڕێیەکمان دانا و گوللەبارانیان کردن لە ئەنجامدا دوو هاوڕێمان بریندار بوون یەکێکیان بە دیل گیرا .

٨ ) لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠ / ١١ / ١٩٨٥ چەند دارەکانی (ینك) لە گوندی سلێمانەی دۆڵی گەلاڵ پەلاماری ژمارەیەك پێشمەرگەی تریان داین و ڕندانە بە نارەوا ... و چەندین سوك زۆریەی ماڵەکانیان داگرتەوە و لە ئەنجامدا هاوڕێی قارەمانمان (مستەفا شێخ ملا رینی - هەڵۆ) بە بریندار ی دیل کرا و هەر وەك عادەت و سروشتی نامرۆڤانەی هەمیشەییان ئەم جارەش دەستیان بە خوێنی دیلی بێچەك سوور کردەوە و شەهیدیان کرد . پێشمەرگەیەکی تریشمان بە سوکی بریندار بوو . هەزاران سلاو بۆ گیانی شەهید هەڵۆ مردن و سەرشۆڕی بۆ دیل کوژەکان.

٩ ) لە ڕۆژی ٢٨ / ١١ / ١٩٨٥ دا ( ٢٦ ) پێشمەرگەی تێکۆشەرمان لەگەڵ هاوڕێ حیدر عبدالله ئامر مەفرەزە خۆیان گەیاندە بنکەکانمان .

١٠ ) ژمارەیەکی تر لە هاوڕێیانی تێکۆشەرمان لە ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ بە فەرماندەیی هاوڕێیان جەماڵە ڕەش و ئازاد فەقێ عەلی لە چنگی پیلانی سەرانی (ینك) دەرباز بوون و شان بەشانی دەیان هاوڕێی ترمان لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر و بەمۆ و شارەزوور بەردەوامن لەسەر چالاکی شۆڕشگێرانەی دژ بە ڕژێمی فاشی .

١١ ) لە پاش دەستە ڕێژییەکەی هێزەکەی (ینك) بۆ سەر هاوڕێیان لە ناوچەی قەرەداغ و دۆڵی و هەولێر ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی پێشمەرگە و کادرانی عەسکەرییمان گەیشتنە بنکەکان لە ناویاندا هاوڕێیان فەریدون حەمەساڵح - سەرتیپ ، جلال محمد محی الدین - سەرتیپ ، جەمال محمد - سەرتیپ بەختیار محمد - ئامر لەرت ، شێخ فاضل - ئامر لەرت ، شێخ محمد - ئامر لەرت سەهاب محمد ج ئامر لەرت ، حاجی رزگار ج ئامر لەرت ، نەبەز ئەحمەد ج ئامر لەرت ئامق حدر ج ئامر لەرت ، ڕەزا عبدالله ئامر مەفرەزە ، کامەران حەمەعلی ئامر مەفرەزە جەلال علی ئامر مەفرەزە ، رزگار کریم ئامر مەفرەزە .

١٢ ) هەر پاش ئەو تاوانەی سەرانی (ینك) کادرانی پێشکەوتومان هاوڕێیان (مامۆستا عیماد و ئاسۆ علی و مامۆستا کریم عوسمان و مەلا یاسین و دکتۆر قادر ) خۆیان دەرباز کرد و گەیشتنە بنکەکانمان .

١٣ ) شایەنی باسە لە هاوڕێ حاجی مەمو کادری پێشەوتوومان و ژمارەیەک
لە کادرانی تری دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی و بالەیان لەوانە هاوڕێیان (مەهدی
ئاوانی ، هێدی ، فرهاد ئاوانی ، وریا قادر ، وەرزێر ، حولە ، دلشاد ، گۆران ) وە عیان
پێشمەرگەی قارەمانی ترمان لەگەڵ کادرانی عەسکەریمان هاوڕێ شێخ حسین ئامر
لەرت و هاوڕێ شوانە رەش ئامرکەرت و ١٤ پێشمەرگەی قارەمانی تر پێش
دەستدرێژییەکەی قەرەداغ ، فەرمانی گرتن و لەناوبردنیان دەرکرابوو ، ئەوانیش
خۆیان دەرباز کرد و گەیشتنە بنکەکانمان .

١٤ ) لەناوەڕاستی ئەم مانگەدا ، هاوڕێیانی لەرتی دووی سەفین
فەرماندەیی هاوڕێ یاسین ئاوانی بە گشت چەکەکانیانەوە گەیشتنە بنکەکانمان لە
ناوچەی بارزان لە ناویاندا ئەم هاوڕێیانە (یاسین ئاوانی ئامرکەرت ، زرار مەلا گچکە
ئامرکەرت ، نەسوەد ئامرمەفرەزە ، دلێر ئامرمەفرەزە ، جەلال ئامرمەفرەزە ، سوعید
کادری سیاسی ، عزیز ئامرمەفرەزە ، عزت کادری سیاسی ) و ١٥ پێشمەرگەی قارەمان .

١٥ ) لەکاتێکدا دوو هاوڕێی ڕێکخستنی شاری هەولێر ماموستا نەسعەد
وە هاوڕێ وەهاب بۆ ئەنجامدانی کاری ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی ئاڵای
شۆرش چووبوونە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر ، لەنێوان گوندی (دارەتوو و باغمەرە)
کەوتنە بۆسەی جاشە ماڵبەندانی جەبار جەمیل ، پاش ئەوەی زانیبوویانە هاوڕێی
ئاڵای شۆرشن ، بە تاوانی دژایەتی جەلال تالەبانی !! شەهیدیان کردن ( شەر
وەک تاوانبار پێشتر شەهیدکردنی یەکێک ووتبوون ) . پاشی ڕۆژ لاشەکانیان لەسەر
جادەی نزیک هەولێر دۆزرایەوە . هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکیان
سەرشۆڕی بۆ خۆفرۆشان .

١٦ ) ڕۆژی ١٥ / ١١ / ١٩٨٥ چەکدارەکانی (یەنک) سەرپێچی قارەمان کاک
نەبەزیان چەک کرد و ڕاپێچی زیندانیان کرد تەنیا بە تاوانی هاوڕێیەتی هاوڕێیانی
ئاڵای شۆرش و گومانلێکردن . هەر بەهەمان تۆمەت جێگری سەرپێچ کاک بابە
تاهیر و مەفرەزەکەیان چەک کردووە . شایەنی باسە بەهۆی تێکۆشانی کاک بابا تاهیر
وە ماوەیەکە ٣ برای بێ تاوانی لە زیندانەکانی ڕژێمدا بێ سەروشوێنن .

ئەی هەموو ئازادیخوازانی دنیا ...

ئەم ناوانەی سەرانی (یەنك) بەشێکن لەو تاوانانەی لەمێژ ساڵە بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتی و شۆڕشگێڕانەی عێراق ئەیکەن.. بەڵام پەنی دیکتاتۆریەت و تۆقاندن کورتە و تاوانەکانیان بۆ ئەمەر ناچێتە سەر، هەر بۆیە زەمەن بەری لێگرت و تای تەرازو بەلای هێزە پێشکەوتنخوازەکاندا شکایەوە. ئەوەتا سیاسەتی ئیرهاب و پێشێل کردنی ئازادی دیموکراتی لەلایەن سەرانی ئینتەهازی وزعێکی وای بۆ داخستوون لەناو پێشمەرگەو جەماوەرا حەقیقەتی خستەڕوو و هەڵی تەکاندوون و دوچاری وەزعێکی ناڵەباری ئەوتۆی کردوون کە ترس و ڕاڕایی ڕووی تێکردوون و دەستەپاچەو بێ دەرەتان ماونەتەوە و بێ هیوایی باڵی بەسەرا کێشاون.

ئەی خەڵکی بەشەرەف و ئازادیخوازی کوردستان..

دەنگتان بەرزبکەنەوە و پرسیار لە سەرانی (یەنك) بکەن: تاوانی ئەو هاوڕێیانەمان کە ئێستا دیلی دوژمنانی ئازادی و دیموکراسین چییە؟ ئەو هاوڕێیانە هەر هەمان ئەو قارەمانانە نین کە لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە خەبات ئەکەن؟

نارەزایی خۆتان بەرامبەر سەرانی (یەنك) دەربڕن لە چۆن ئەو هاوڕێیانەیان لە بەندیخانەکانیاندا شاردۆتەوە و وەك فاشستەکان ڕەفتاریان لەگەڵدا ئەکەن.

ئەی هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش کە تا ئێستا لەناو هێزەکانی (یەنك)دا ماونەتەوە.. کاری شۆڕشگێڕانەی خۆتان درێژە پێبدەن، هوشیار بن ئەوەی جەماوەر و لێبڕاوانی زەبری تۆقێنەر لە فاشستەکانی بەغدا بکەنە ئەرکی سەرەکیتان و دروشمی ڕوخاندنی فاشستەکان بچەسپێنن و لە پێناوی دامەزراندنی حکومەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕدا خەباتتان بەتینتر کەن. پەردە لەسەر درۆو دەلەسە و بوختانەکانی سەرانی (یەنك) دەرحەق ئاڵای شۆڕش و هەموو [illegible]ەکانمان لا بدەن و سیاسەتە دیماگۆگیەکانیان پووچەڵ بکەنەوە.



هەواڵنامەی کتێب

ئەی پێشمەرگە نەبەزەکان ..

هاوڕێیانی تێکۆشەر ..

دژی شەڕی ناوخۆ بوەستن و فەرمانی بازرگانەکانی ئەم شەڕە ڕەتکەنەوە . تێبکۆشن لە پێناوی پەرەپێدانی هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ ئەو هێزانەی خەبات ئەکەن بۆ ڕوخاندنی ڕژێم و چەسپاندنی گیانی دیموکراسی و ئازادی سیاسی و پێشمەرگایەتی و گۆڕکردنی شەڕی ناڕەوا و بێ هودەی زەرەرمەندی ناوخۆ لە ساحەی کوردستان و سەرانسەری عێراقدا .

مردن و سەرشۆڕی بۆ جۆش و خرۆشدەرانی شەڕی ناوخۆ

شەکاوە بێ ئاڵای کرێکاران و زەحمەتکێشان
سەربەرز بێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی وپێشمەرگەیی
# کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ دێنێ

هەواڵنامەی کتێب

لیژنەی ریکخستنی ئالای شۆرش لەدەرەوە دووبارە
چاپی کردوەو بلاوی کردوتەوە ......